

# گادامێر و تیۆریی وتووێژ لەگەڵ دەق

## دیمانەیەك لەگەڵ محەمەد زەمیران

وەرگێرانی لەفارسییەوە: رەسووڵ سوڵتانی

**ئاماژە:**

" هانس گێئۆرك گادامێر(1900 ـ 2002) یەکێکە لە گەورەترین فەیلەسووفی سەدەی بیستەمو پێشەنگی قوتابخانەی هێرمۆنۆتیکی مۆدێرنە. هێرمۆنۆتیك هەنووکە بووەتە باسێکی سەرەکی لە تەواوی لقەکانی زانستە سیاسیەکانو تەنانەت لە زانستەکانی دیکەش دا. ئەوەش بەرهەمی تێکۆشانی چەندین بیرمەند ی وەکوو مارتین هایدگەر و ریکۆر و لە وانەیە لە هەموویان پتر، گادامێر بێ"



هایدگەر

**❖ توێژەران گادامێریان بە بناغەدانەری هێرمۆنۆتیکی نوێ زانیوە. بەر لەوەی بچینە سەر رەهەندەکانی هێرمۆنۆتیکی گادامێر سەرەتا بفەرموون هێرمۆنۆتیك چیەو لە فەلسەفەی رۆژئاوادا پێشینە مێژوویەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

▪ وشەی هێرمۆنۆتیك لە بنج و ریشەی هێرمنیۆیین بە واتای تەفسیرو راڤە هەڵێنجراوەو خۆی ئەم وشەیە لە"هێرمس"یەکێك لە خوایانی یونانی یەوە هاتووە. لە ئەفسانەکانی یونان دا هێرمس هەر ئەو یەزدانەیە کە لە ئەفسانەکانی رۆمییەکاندا، بە مێرکۆری بەناوبانگ بووە و ئەو کوڕی "زیۆس" و "مایا" یە.

هێرمس پەیامهێنەری خواکان بوو. شیاوی گوتنەکە لە ئەفسانەکانی یوناندا بە شێوەیەکی لێك دژو ناتەبا، باس لە سیفەتو ئەرکەکانی کراوە. سەرەتا ئەوەیکە ئەو لە نێو خواکاندا بەرپرسی بەرگرتن (وەبەرهاتن)و زاوزێی گیانلەبەران بوو. ئەو خوای دەوڵەتو نیعمەت بوو. یارمەتی بازرگانو رێبوارانی دەدا. جەردەو رێگرانی فێری وتەبێژیو رەوانبێژی دەکرد. سواری باڵی "با" دەبوو و لە چاوترووکانێك دا هەر چوارقوڕنەی دونیای دەکرد. ئەو لە یەکەمین رۆژی لە دایکبوونی خۆیدا مێگەلی ئاپۆلۆنی دزی. دوایی (سازی) چەنگی سازکرد و مێگەلەکەی ئاپۆلۆنی لە بەر پێی خواکانی کردە قوربانی. ئاگری دۆزییەوە. هایدگەر دەڵێ: هێرمس چارەنووسی مرۆڤایەتی بۆ ئەو هێناو بۆی ئاشکراکرد. کەوابوو هێرمۆنۆتیك زانستێکە هەڵگری دەربڕینو گوتنو روونکردنەوەو شی کردنەوە بێ. ئەم واژەیە هێندێ جاریش بە واتای وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بە کارهاتووە. بنەمای کاری هێرمس ئەوە بوو کە پەیامەکانی بە دەنگی بەرز دەردەبڕیو روونی دەکردنەوە. لە زمانی خوداکانەوە ئەو پەیامانەی بۆ مرۆڤەکان وەردەگێڕا.

ئەم زانستە واتە هێرمۆنۆتیك لە سەردەمی ئەرەستۆوە بە شێوەیەکی رێکوپێك (سیستماتیك) ی بەخۆوە گرتو ئەرەستوو لە نامیلکەی "بەکورتی ئەرمینیاس" کە وەرگێڕە ئیسلامیەکان بە نامیلکەی "فی العبارە" وەریانگێڕاوە، بە شێوەیەکی ورد ئەم باسەی روون کردەوە. ئەرەستوو لەم نامیلکەیەدا گوتی کە راڤەکان بریتین لە: ئەو وتانەی کە ئەگەری راستبوون و درۆبوونیان هەبێ(شیمانەی درۆو راستییان لێ بکرێ). ئەرەستوو پێشەکیی زانستی هێرمۆنۆتیکی داڕشت لە ئینجیلیشدا بە تایبەتی لە بەشی لوقادا، بە واتای لێکدانەوەو تەفسیر کەڵك لەم واژەیە وەرگیراوە. بە گشتی ئەم تەکنیکە لە بنەمای سەرەتایی خۆیدا

زیاتر بەواتای لێکدانەوەو وەرگێران کەڵکی لێ وەرگیراوە.
بەڵام لە سەردەمی نوێ دا، بە ڕێچکەو ڕەوگەی نوێدا ڕۆیوە. لە سەدەی حەفدەهەمەوە ئەم زانستە زیاتر بۆ ڕاڤەی دەقە پیرۆزە ئایینیەکان کەڵکی لێ وەرگیراوە. کە دەکرێ بڵێین لەگەڵ دەرکەوتنی ئایینزای پرۆتستان ڕاڤەی دەقەکان لە پاوانی کلیسای کاتۆلیك دانەمان و پسپۆڕانی پرۆتستان هەوڵیاندا چەند پێوەرێك بۆ تێگەیشتن لە واتای دەقە ئایینی یەکان دابنێن. لە ڕاستیدا کتێبە هێرمۆنۆتیکی یەکان بۆ گشتی کردنی تێگەیشتنی ئەو دەقانە بوون. لە سەدەی هەژدەدا وردەوردە ئینتیمایەکی نوێی لە زانستی مرۆیی لە ڕۆژئاوادا دەرکەوت کە وێڕای ئەوە، ڕەچەڵەکی وشەکان لە ڕووی پێشینە و ئەو هەوراز و نشێوانەی پێواویانە، خرایە بەر باس. ئەم بوارە ناوی "فیلۆلۆژی" بوو کە ئێمە بە ڕەچەڵەکناسیی وشەکان وەرمانگێڕاوە. هێرمۆنۆتیك لەم قۆناغەدا بەرەو وشەناسی ڕۆیشت. واتە زۆربەی ئەو کەسانەی حەزیان لە هێرمۆنۆتیك بوو، ماناو واتاکانیان لە پێوەندی لەگەڵ وشەکانو ڕەوتی مێژوویان خستە بەر سەرنجی خۆیان. لەم قۆناغەدا هێرمۆنۆتیك وەکوو فیلۆلۆژی لە قەڵەم درا. شلایرماخێر بیرمەندی ناوداری ڕۆمانتیکیی سەدەی نۆزدەهەمیش هەر لەم کەشو هەوایەدا پێگەیشت. شلایرماخێر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا کتێبێکی نووسی کە تێیدا "زانستی هێرمۆنۆتیکی" پێناسە کرد. ئەو گوتی: هێرمۆنۆتیك بریتیە لەو تەکنیکەی کە ڕێگە بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان دەکاتەوە (ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتن لە دەق). ئەو گوتی: ئەو دەقە دەکرێ نفیسارێکی ئایینی، حقووقی یا ئەدەبی بێت. لە ڕاستی دا گرینگی کاری شلایرماخێر لەوە دابوو کە ئەو بۆ یەکەمین جار هێرمۆنۆتیكو تێگەیشتنی پێکەوە گرێداو گوتی: کە باس کردن لە تێگەیشتوویی مرۆڤ دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ ژیانی دابێو گونجاوبێ. هەر ئەم پێکگونجانو پێوەندییە کە شلایرماخێر باسی کرد ڕێگای بۆ قوتابیانی وەکوو هایدگەر، دیلتای و گادامێر خۆش کرد. یەکێك لەو بیرمەندە هاوچەرخانەی کە ڕوانگەکانی


کانت

"شلایرماخێر" ی لە نێو بیاڤی زانستە کۆمەڵایەتیو مرۆییەکاندا هێنایە گۆڕێ و کاری پێ کردن، دیلتای فەیلەسوفی ئەڵمانی بوو. لە ڕاستیدا ئەو لە هێرمۆنۆتیك دا بۆ شێوە و میتۆدی خوێندنەوەی زانستە مرۆییەکان گەڕا. دیلتای بە پشت بەستن بەتێروانینی کانت، ئامرازی زانستە مرۆییەکانی لە جیاکردنەوەو هەڵاواردن لە زانستە سرووشتییەکاندا شی کردەوە. بە بۆچوونی ئەو: زانستە مرۆیەکان لە نێو بابەتە ئۆبژێرەییەکاندا، تەنیا باس لە مرۆڤ دەکەن. لە ڕاستیدا هێرمۆنۆتیك ئەو هەڵە دەرەخسێنێ کە ئێمە موتالای ئەزموونی دەروونیی مرۆڤ بکەین. ئەو گوتی دەبێ لە سێ کوچکەی "ژیان، تێگەیشتنو دەربڕین"ی دا، بە شوێن پێوەری هێرمۆنۆتیك دا بگەڕێین. ئەو لە بەرهەمەکانی خۆیدا ئەو سێ چەمکەی شی کردەوە و هەر ئەم باسەش بوو

که بوو به ئیلهامدەرو سەرچاوەی ڕوانگەی فەیلەسوفانی وەکوو هایدگەرو گادامێر. لە ڕاستیدا دیلتای بە، بەکارهێنانی میتۆدی هێرمۆنۆتیکی لە زانسته مرۆییەکاندا کەوشەنی ئەو بیاڤەی هەراوتر کردووە. ئەو شتەی کە دیلتای لە شێوازی هێرمۆنۆتیکیی خۆیدا بە کاری هێنا، ئاسۆی دیرۆك مەندییەکەی بوو. ئەوە لە ڕاستیدا لە نووسینەکانیدا بەردی بناغەی هێرمۆنۆتیکی مێژوومەند (مێژوویی)ی دانا. ئەم ڕوانگەیەی ئەو کاریگەری یەکی حاشاهەڵنەگری لە سەر بیروڕاکانی هایدگەر دانا. هایدگەر لە یەکەمین بەرهەمەکانی دا هێرمۆنۆتیکی بە بوونناسی بنەماییەوە گرێدا. ئەو لە کتێبی "بوونوکات" ی خۆیدا هەوڵی دا لە چوارچێوەی هێرمۆنۆتیك دا پێش گریمانەکانی نەریتی فەلسەفەی ڕۆژئاوا شی بکاتەوە. هایدگەر دیاردەناسی هۆسرەلی کردە بناغەی کارەکەی خۆی. هایدگەر جۆرە دیاردەناسی یەکی هێرمۆنۆتیکی داڕشت. لە ڕاستیدا ئەو لە موتالاْ و خوێندنەوەی چەمکی دازاین دا هێرمۆنۆتیکی دەکار هێنا. ئەو بۆ تێگەیشتنی گونجاو لە دازاین "زمان" ی لەگەڵ بوون (هستی) بە گرینگ لە قەڵەم دا و وتی: تەنیا لە سایەی زمانەوە دەکرێ لە پێوەندیی جیهان بە ئێمە و هەموو بوونەوەرانەوە تێبگەن و دەربیڕین. لەم ڕووەوە بوو کە ئەو زمانی بە کۆشکی هەبوون لە قەڵەم دا. ئەو دەڵێ زمان ئەرکێکی هێرمۆنۆتیکیی لە سەرشانە. بە ڕای ئەو زمان بوار

## هێرمنۆتیك بریتییه لەو تەکنیکەی که ڕێگه بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان دەکاتەوە (ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتن لە دەق)

دەرخستنی بۆ پەردە لادان لە سەر "بوون لە جیهان" دا. کەوابوو نابێ وا بزانین زمان دیاردەیەکی تاکەسی یا تەواو بەرهەسته، بەڵکوو دەبێ وای دابنێین کە پێش زەمینەو پێشەکیی هەموو حەقیقەتێکە. لە ڕوانگەی ئەوەوە هێرمۆنۆتیك هەڵگری ئەو لایەنەی واتای زمانە. واتە، ئەوە "زمانە" کە ڕێگەی پرسیار کردن لە "بوون" خۆش دەکا.

ئاشکرایە کە "بوون" لەم واتایەدا مێژوومەندە و هێرمۆنۆتیك فێرمان دەکا لە سێبەری زماندا پرسیار بکەین لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی بوون. دەکرێ بڵێین کە مەبەستی هایدگەر لە هێرمۆنۆتیك شتێك نیە جگە لە دۆزینەوەو دەرخستنو پەردەلادان لە سەر ڕوخساری بوون. ئەو بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی خۆی کەڵکی لە واژەی یونانیی



**هایدگەر**

Dletheed وەرگرتووە. هەر ئەم ڕوانگەیەی هایدگەر بوو کە بووە بەستێنی کاری هێرمۆنۆتیکی گادامێر.

❖ **گادامێر بە سوود وەرگرتن لەم پێشینه هێرمۆنۆتیکی یە و بەتایبەتی ڕوانگەی فەلسەفیی مامۆستاکەی خۆی واته هایدگەر، چ خوێندنەوەیەکی نوێی لێ خستەڕوو؟ پێگەی گادامێر لە هێرمۆنۆتیکی نوێدا کەوتۆتە کوێ؟**

■ هانس گێۆرك گادامێر بە بلاْوکردنەوەی کتێبی حەقیقەتو شێواز (میتۆد) گۆڕانێکی ئەوتۆی لە قەڵەمڕەوی هێرمۆنۆتیك دا دروستکرد کە ئەو کات وێنەی نەبوو. بنەمای باسه هێرمۆنۆتیکییەکانی گادامێر کاریگەرییان لە هزرو بیرۆکەکانی هایدگەر وەرگرتووە، بەڵام ئەو جەخت

کردنـەوەی هایدگـەر لـە سـەر بوونناسـی (ontology) وەلانـاو گرینگـی بـە پانتـایی‌و بیـاڤی ناسـین (مەعریفـە) و


سوکرات

هوشیاری‌و پێش گریمانەکانی ناسین‌و ئەزموون دا. دەکرێ لە پێشەکی کتێبی حەقیقەت‌و شێوازدا بـە روونـی لـە ئامـانج و مەبەستی نووسینی ئەو کتێبە تێبگـەین. ئـەو راشـکاوانە لـە پێشەکیەکەی دا دەڵێ: مەبەستی ئەو لە هێرمۆنۆتیك، گەڕان بە شوێن تایبەتمەندی و مەرجە بنەڕەتیەکاتی تێگەیشتنی مـرۆڤ بووە و بە هیچ شێوەیەك نایەوێ ئامرازگەلی میتۆد ناسی بـۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان بدۆزێتەوە.

لە راستیدا خەنیمە فەلسەفیەکانی گـادامێرو یـەك لـەوان ئەمیلیۆ بێتی دەیانگوت: مەبەستی هێرمۆنۆتیك دیاری کردنی بنەماکانی میتۆدناسیی تەفسیرە. گادامێر لە سەرانسەری کتێبی حەقیقەت‌و شێواز دا دەڵێ: خۆ لە هێنانە گۆڕێی هەرچەشـنە تیۆرییەك لە مەڕ هێرمۆنۆتیك دەبوێرێ. ئـەو دەڵـێ ئەوانـەی کە لە لێکۆڵینەوەکەی دا لە میتـۆد (شـێواز) دەگـەڕێن، بـە هیچ کوێ ناگەن و دەڵـێ: ئامـانجی کتێبەکـەی ئـەو خسـتنە رووی شێوازناسـیی زانسـتە کۆمەڵایەتیـەکان نییـە. بـەڵکوو دەیەوێ بزانێ کە ماهیەتی ئەوان چییەو ئەو زانستانە چۆن بە ئەزموونی مرۆڤەوە گرێ دەدرێنـەوە. لـە راسـتی دا ئـەو بـە شـوێن دۆزینـەوەی ماهیـەت و جەوهـەری زانسـتە سیاسـی یەکاندایەو رای وایە کە لـە تەمومـژدا نـاکرێ بگەینـە ئـەو تێگەیشتنە.

**❖ گادامێر لە کتێبی حەقیقەت و شێوازدا مەبەستی لە چەمکی حەقیقەت چییە؟ و شێواز (میتۆد) چییەو بە رای ئەو بە کـەڵك وەرگـرتن لـە چ میتۆدێـك دەکـرێ بگـەین بـە حەقیقەت؟**

▪ ئاگاداری ئەوە هەن کە گادامێر فەلسەفەی یونـان و هزرەکانی سوکرات و ئەفلاتوون دەناسی‌و پێیان ئاشنایە، هەر بۆیەش لە باسی هێرمۆنۆتیك دا بەردەوام دەمانگێڕێتەوە سـەر هزری فەیلەسوفە یونانیەکان. ئەو لە چوارچێوەی گەنگەشـە و وتوویژ یا دیالۆگی سوکراتیانەدا لە هێرمۆنۆتیك دەگـەڕێ و (پێی وایە لەو چوارچێوەیە دا دەبـێ لێـی بگـەڕێن). واتـە بەڕای ئەو دۆزینەوەی حەقیقەت تەنیا لە رووبەروو بوونـەوە لەگەڵ بەردەنگ دا مسۆگەر دەبێ. ئەو دەڵێ حەقیقـەت لـە ڕێگەی شێواز ناسی یەوە دەستەبەر نابێ. بـەڵکوو دەبـێ لـە ڕێگەی دانوستان و وتوویژەوە بێ. بـێ گومـان دەبـێ بڵـێین حەقیقەت تەنیا هۆنراوە (لیزگە) یـەك نیـە کـە بـە ئەمانـەت


ئەفلاتون

دانرابێ. بەڵکو دەبێ وەکو گومانکارە یونانیەکان (ئەو فەیلەسوفانەی لە هەموو شتێ دڕدۆنگو بە گومان بوون) لە زمانی بەردەنگ دەری کێشێ. حەقیقەتی بڕاوەو ڕەها بوونی نیە و هەر کام لە ئێمە بەو ڕادەیەی کە هەوڵی بۆ دەدەین بەشمان پێوەیەتی.

هەروەها ئەوەیکە: گادامێر بەشێکی زۆری لە لێکۆڵینەوەکانی بۆ ئەفلاتوون و بە گشتی فەلسەفەی یونان تەرخانکرد. ئەو بەتایبەتی لە چەندین کتێب دا و بۆ وێنە لە "ئایدیای خێر"دا لە فەلسەفەی ئەفلاتوونو ئەرەستۆ و هەروەها ئەخلاقی دیالێکتیکی ئەفلاتوونو وتووێژ و دیالیکتیك لە هزرەکانی ئەفلاتوونیش دا چەمکی دانوستان و وتووێژی خستە بەر شیکاری و لێکۆڵینەوەی ورد. گادامێر بەردەوام بە خوێندکارەکانی خۆی دەڵێ و وەبیریان دەهێنێتەوە کە سوکراتو ئەفلاتوون هیچ کات وەڵامی بڕاوە و ڕەهایان بە مەسەلە فەلسەفیەکان نەدەداوە. بەڵکو هەر چەشنە خاڵو بابەتێکیان بۆ هەردیاردەیەك یا بۆ هەر چەمکێك، سنووردار و نەبڕاوەو لە چوارچێوەی کات دابوو. لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین ئەفلاتوون بناخەداڕێژەری وتووێژ و گەنگەشە بوو. هەر ئەم میتۆدەش بە درێژایی مێژوو لە ڕەوتی فەلسەفەدا گەلێ هەورازو نشێوی بڕی و لە فەلسەفەی هێگڵ و مارکس دا شێوازێکی مۆدێرنی بە خۆوە گرت.

**❖ گادامێر بۆ باسکردن لە پێوەندی نێوان حەقیقەتو وتووێژ، سوود لە زاراوەی (ئاسۆی ماناکان) وەردەگرێ. مەبەستی ئەو لەم چەمکە چییە؟**

▪ خولیای هەر پرسیارێك گەیشتن بە حەقیقەتەو لە هێرمۆنۆتیك دا دوا ئامانجی پرسیارگەیشتن بە حەقیقەتی ماناکانە. کاتێك دوو کەس دەکەونە وتووێژو دانوستانەوە لە ڕاستیدا هەڵوێستو ڕوانگەی ئەوان دوو ئاسۆی مانایی لێك جیاواز پێك دێنێ. گادامێر بە جەخت کردنەوە لە سەر گرێمانەی دیالۆگ و وتووێژ درێژە بە باسەکەی دەداو پێ داگرە لە سەر ئەوەیکە هیچ پرسیارێك بە شێوەی ئابستراك بۆ وەڵامدانەوە نابێ بەڵکوو کاتێك ئێمە لەگەڵ دەقێکی مێژوویی بەرەوڕوو دەبینەوە سەرەتا ماهییەتی ئەمرۆییانەی پێ دەدەین و دواتر لە ڕەوتی دانوستان و وتووێژدا هەوڵ دەدەین ئاسۆی مانای ڕابردوو زیندوو بکەینەوە (بیووژێنینەوە) و لە ئاسۆی مانای خۆمانی نزیك بکەینەوە. گادامێر دەڵێ: هەر ڕاڤەیەك لە دەقێکی کۆن پێویستە جۆرە وتوێژێك لە نێوان ئێستاو ڕابردووی دا پێکبێنێ. ئێمە لە ڕاستیدا بە پێکهێنانی لۆژیکی وتوێژ لەگەڵ دەقی گۆڕین بەستێنی تێگەیشتنێکی ڕوو لە گەشەی بۆ خۆش دەکەین. ئەم فام و تێگەیشتنە لە هەمان کات دا پێویستیی بە تایبەتمەندیی گۆڕانیش هەیە واتە ئێمە بە شێوەیەکی نوێ لە هەوێن و ناوەڕۆکی دەق تێدەگەین. لە ڕاستیدا شێوەیەك ئاوێتە بوون (Fuseon) لە نێوان ئاسۆی تێگەیشتنی ئێمەو ئاسۆی مێژووی دەق دا دێتە گۆڕێ. ئێمە لە وەها دۆخێك دا دەچینە نێو جیهانی نوێی دەقەوە بەڵام لە هەمان کاتیش دا دەقیش دێنینە نێو جیهان ژینی (Ledenswelt) خۆمانەوە و ئەوەش دەبێتە هۆی شێوەیەك لە خۆناسین و هۆشیاری و لە خۆتێگەیشتنمان. ئەم هۆشیاری و خۆ ناسینە لە ڕاستیدا بە ئاوێتە بوونو لێکدرانی ئاسۆی ئێستاو ڕابردوو بەرهەمدێو دەستەبەر دەبێ. شیاوی گوتنە کە گادامێر واژەی "ئاسۆی" لە هۆسرەل وەرگرت بەڵام لە واتایەکی نوێدا بەکاری هێنا (واتایەکی نوێی پێ بەخشی). هۆسرەل بە باسکردن لە سەر

> **سوکراتو ئەفلاتوون هیچ کات وەڵامی بڕاوە و ڕەهایان بە مەسەلە فەلسەفیەکان نەدەداوە. بەڵکوو هەر چەشنە خاڵو بابەتێکیان بۆ هەردیاردەیەك یا بۆ هەر چەمکێك، سنووردار و نەبڕاوەو لە چوارچێوەی کات دابوو**

بەستێنی تێگەیشتن "ئاسۆی وتەی" هێنایە گۆڕێ بەڵام گادامێر لە وتووێژی خوێنەر لەگەڵ دەق دا کەڵکی لێ وەرگرت.

**❖ ـ کەواتە بەو پێیە ئامانجی گادامێر لە هێرمۆنۆتیك بە شێوەیەکە لە مەعریفەو خۆناسین. هێرمۆنۆتیك لەم روانگەیەوە چۆن خۆی لە واتا ناسی (سیمانتیك) جیادەکاتەوە کە ئیدیعای ئەوەی هەیە لە رێگەی زمانەوە مەعریفەو ناسین دەستە بەر دەکا؟**

■ گادامێر لە وتەیەکی بەناوبانگ دا بە ناوی (واتا ناسیو هێرمۆنۆتیك) کە لە کتێبی هێرمۆنۆتیکی فەلسەفە دا چاپکراوە. ئاماژە بە لایەنە جیاوازەکانی ئەم دوو بیاڤە دەکاو دەڵێ یەکێکیان خۆ بەرواڵەت و روخسار (فۆرم) ودەرکەوتەی زمانەوە خەریك دەکاتو ئەوەیتر بە هەوێنو ناوەڕۆکەکانیەوە. واتا ناسی لە رووی کار پێکردنی گشتیی هێماکانەوە (دەلالەتەکانەوە)، زمان تاوتوێ دەکات. بەڵام هێرمۆنۆتیك زیاتر سەرنجو گرینگی بە بازنەی دەقو خوێنەردەدات. ئەوەی کە دەکەوێتە سەرووی لێکدانەوەی زمان ناسیانەی دەق، بابەتی ئیشی هێرمۆنۆتیك پێکدێنێ. هێرمۆنۆتیك مرۆڤ فێری ئەوە دەکات کە دەبێ سنووره دەستنیشانکراوەکانی زمان ببەزێنێو لە ئاستە تەنگو بازنەی ئۆبژەکتیڤ (عینیت)ی پەیڤ دەرباز بێت و بگاتە پرسیاری فەلسەفی کە مرۆڤ دەگەیەنێتە پێوەندییەکانی نێوان زمانو مانا.

**❖ لەو مانایە دا کە گادامێر لە هێرمۆنۆتیکی وەردەگرێ، دەرباز بوون لە سنوورەکانی بەرهەست بوون (عینیت) ی زمانی، جیاوازیو ناکۆکیی ئەو لەگەڵ فۆرمالیستەکانی روسیا دەردەکەوێ کە جەختیان لە سەر ناسینی توخمو پێکهاتە (بنەما) و فۆرمی زمان دەکردەوە. رای ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

■ بە گشتی دەقی بەردەم هێرمۆنۆتیك دیاردەیەکە بەستراوەتەوە بە کاتەوە کە لە ماناکەی لە وتووێژدا دەستەبەر دەبێ. بەڵام هەر ئەو دەقە لە روانگەی فۆرمالیستەکانەوە بریتییە لە تەواوەتێك کە دەبێ توخمەکانی بناسرێنو پێکهاتەو فۆرمەکەی شی کرێتەوە. فۆرمالیستەکان جەخت لە سەر تێگەیشتن لە فۆرمی بەرهەمێك دەکەنەوە و هەوڵ دەدەن کە لە رێگەی ناسینی توخمەکانی دەلالەتەوە (نیشانەو هێماکان وەك) لە مانای دەق تێ بگەن. ئەوان بە هیچ شێوەیەك بایەخو گرینگی بە توخمو لایەنی مێژوویيو کۆمەڵایەتی دەق نادەن. لە راستیدا لە رووبەرووبوونەوەو روانگەی فۆرمالیستەکاندا بایەخدان بە خودی بەرهەم یان دەقەکە گرینگترە لە پێوەندی نێوان دەقو خوێنەر. دەق یان بەرهەم بە بۆچوونی فۆرمالیستەکان بریتییە لە کۆی توخمە (پێکهێنەرەکان) و ئەو پێوەندییەی لە نێوانیان دا پێکهاتووە. فۆرم لە راستیدا پێوەندی نێوان پاژەکان دەردەخا لە حاڵێك دا لە هێرمۆنۆتیك دا جۆرە وێککەوتنو ئاریشەیەك لە نێو ئێستاو رابردوودا دێتەگۆڕێ. هێرمۆنۆتیك گەرەکیەتی پێکهاتەگەلی قۆناغەکانی رابردوو بگۆڕێ و جۆرە دانوستانو وتووێژێك لە نێوان دوو ئاسۆی (مانایی) دا پێکبێنێ کە بەرهەم و دەرەنجامەکەی ئاسۆیەکی سێهەم دەبێ.دەبێ بڵێین کە گرینگترین توخمەکانی لێکدانەوەی گادامێر لە کتێبی حەقیقەت و شێواز دا لە دەورووبەری تێگەیشتن لە زمان دەخولێنەوە. لە راستیدا سەرنج و گرینگیدان بە زمان لە هێرمۆنۆتیکی گادامێر دا بایەخێکی تایبەتی هەیە. گادامێر دەڵێ نابێ زمان بە دیاردەیەکی ئامرازیانە لە قەڵەم بدەین. ئەو زمان بە کۆمەڵێك نیشانە نازانێو دەپەڕژێتە سەر بەشداری کردنی ئێمە لە (پرۆسەی) زمان دا. ئەو دەڵێ: زمان بە نیشانە لە قەڵەم دان سڕینەوەی وزەی (زمانە)لە پێوەندی لەگەڵ بوون دا. نابێ وەك ئامراز لە زمان بروانین. ئێمە لە ژێر تیریژو رووناکایی زمان دایە کە لەگەڵ جیهاندا بەرەوڕوودەبینەوە و لەگەڵی دا خۆمانە دەبین. هایدگەر گوتەنی، ئەوە زمانە کە وەقسەمان دێنێ. کەوابوو ئیدیعای دەسەڵاتو زاڵبوون بە سەر زماندا ئیدیعایەکی پووچو بێ بنەمایەو هیچی تر. دەکرێ زمان بە رەهەندی حوزووری هەستو تێگەیشتن بزانین. گادامێر رەخنە لە روانگەی کاسیرەر بەنیسبەت زمانەوە دەگرێ و پێی وایە کاسیرەرو بەگشتی زمانناسیی نوێ لە بە ئامراز زانینی زماندا هەرکیان

لە هەڵە دان. گادامێر بە پێرەوی لــە هایدگــەر مامۆســتای " زمان و بیر کردنەوە لێك گرێ دەدا. زمانیش وەکــوو فــام و تێگەیشتنی مرۆیی دەرفەتی بەرهەست بوونەوە (عینیت یافتن) ی ئەزموونمان بۆ دەرەخسێنێ. گادامێر دەڵێ یۆنانیــەکان بــەر لە سوکرات لە قامووسی خۆیاندا وشــە یــان چــەمێکیان بــۆ زمان نەبوو. دەکرێ ئەم دەسکەوتە بە میرات و کەلــەپووری ئەرەســتۆ لــە قەڵــەم بــدرێ. گــادامیر بــۆ روون بوونــەوەی چەمکی زمان ســوودی لــە واژەی دۆزینــەوە (aletheia) وەرگرتوە و دەڵێ ئەو زمانە کە ئاسۆکانمان بۆ دەردەخا و لە راستی دا لــە جیهانــدا بــوون (in weltsein ) تــەنیا لــە سایەی زماندا دەلوێ و کردەنیــە. و بــە گشــتی لــە پانتــایی زماندایە کە مانا بە بوونی دەبەخشێ.

❖ **پرسیاری گرینگی دیکە ئەوەیــە کــە ئێمــە چــۆن دەتوانین لەگەڵ رابردوو و داهاتوو دا وتوویژ بکەین؟ گادامێر لە باسـی راڤــەی دەق دا ســوودی لــە چــەمکی "نــەریت" وەرگرتوە. مەبەستی گادامێر لەم چەمکە چ بووە و بە راستی نەریت چ پێوەندییەکی بە ئاسۆی ماناییەوە هەیە؟**

■ گادامێر لە سەر ئەو باوەڕەیە کــە لــە نــاخ و قــووڵایی مێژوودا گەوهەرێکی تایبەت بە ناوی نــەریت یــا ترادیســیۆن دەگەرێ کە یەکیەتیەکی هارمۆنی لە نێوان رابردوو وئێستا و داهــاتوو دا پێــك دێنــێ. گــادامێر دەڵــێ: دەکــرێ ناســین (مەعریفە) ی هێرمنوتیکی بە ساتەوەختێکی نەریت لە قەڵــەم بدرێ. نەریت لە راستیدا خاوەنی زمانێکــە کــە قســەمان بــۆ دەکا و لەگەڵماندا دەکەوێــتە وتوویــژ و دانوســتانەوە. لــە نەریت دایە کە هێرمۆنتیك بە هێز دەبێ. گادامێر دەڵێ پــێش زانیــاری و پێــدراوە کۆنــە کولتورییــەکان زیــاتر وەکــوو فاکتــەرێکی پــۆزەتیف لــە ئاراســتەی نــەریت دا رێگــە بــۆ تێگەیشتنی هونەری خۆش و لەبار دەکەن. بە رای ئەو بە بــێ ئــەو زانیــاری و پێــدراوە کۆنــە کولتوورییانــە، یــان بــە بــێ وێککەوتنی نەریتی " تێگەیشتن لە بەرهەمی هونەری تووشی کێشە و گرفتی جۆراوجــۆر دەبــێ. گــادامێر دەڵــێ: مێــژوو دیوەخانێکە کە دەتوانین تێیدا نیشــتەجێ بــین و لــە راســتیدا تێگەیشتن لە بەرهەمەکانی رابردوو دا تێگەیشــتنی ئێســتامان قــووڵــتر و چــڕتر دەکاتــەوە. چــونکی ســوژە پێوەندییــەکی چڕوپڕی لەگــەڵ نەریت هەیــە هــەر بۆیــەش تووشــی وتوویــژ لەگــەڵ رابــردوو دەبــێ. ئــەم وتوویــژە هەنووکــەیی بــوونی ئێستای ئەو دەوڵەمەند دەکــا و لــە روانینــی تــاك رەهەنــدی دەربازی دەکا. لە راستیدا ئاسۆی مانــای رابــردوو ئاوێتــەی ئاسۆی مانــای ئــەو دەبــێ و ئــەم ئاوێتــە بوونــە، بیچــم بــە ئەزموونی ئەو لە مێژوو، دەدات.

❖ **لە سەر ئەم بنەمایە تێگەیشتنی گادامێر سەبارەت بە مێژوو وەکوو هەڵگری روو لە گەشەی نــەریت جیــاواز دەبێ لە روانگەی بە مێژوو زانینی بابەتیانەی (ئۆبژەکتیڤیزمی) دیلتای.**

■ دیلتای لە بەرهەمەکانی خۆیدا بەردەوام لە ســەر ئــەوە جەخت دەکاتەوە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی مێژووییــە. دیلتــای مێژووی بە شتێك نەدەزانی کە پەیوەست بە رابــردوەوە دەبــێ بەڵکوو پێی وابوو کە ئــەم مێــژووە وەکــوو بابــەت (ئۆبــژە) لەگەڵماندایە. ئەو دەیگوت مرۆڤ لە تێپەڕی کاتدا لە دایــك دەبێ و درێژە بە ژیانی خۆی دەدا و لە ســاتەوەختێك دا ئــەم جیهانە بە جێ دێڵێ. ئەو دەیگوت مــرۆڤ لــە رێگــەی ئۆبــژە بوونی مێژووییەوەیە کە خودی خۆی دەناسی. تەنیا مێژوویــە کە دەتوانێ بە مرۆڤ بڵێ کە ئەو (مــرۆڤ) کــێ یــە؟ و چییە؟ لەلایەکی دیکەوە دەیگوت سروشتی مرۆڤ خاوەنی ماهیەتێکی نەگۆڕ و چەقبەستوو نیە بــەڵکوو شــتێکە کــە بــە ئاراســتەی مێژوو دا تێدەپەڕێ. بیچم دەگرێــت و لــە لووتکــەی خــۆی نزیك دەبێــەوە. بە واتایەکی دیکی تــەووای سروشــتی مــرۆڤ تــەنیا لــە قەڵــەمرەوی مێــژوو دا مانــا دەگــرێ. هۆشــیاریی مێژوویی خۆی چەشنێك خــۆ ناســین و هۆشــیارییە. گــادامێر دەڵێ: دیلتــای بــۆ مێــژوو و بابــەتی بــوونی مێــژوو، پــنج و ریشــەی لــە ئینتیمــای ئــەو بــۆ مێتــۆد دایــە و هــەر ئــەم مێتۆدگەراییەیە کە رێگرە لە بەر دەم تێگەیشتنی ئەو لە بوون بە واتا مێژووییەکەی. ئەو بە هۆی نــوقم بــوون لــە شــێوازی زانستە سروشتیەکاندا، لە راستی دا لــە مانــای راســتەقینەی

مێژوو نەگەیشتووە. بە رای گادامێر، دیلتای بە هۆی ئینتیما بۆ ئۆبژەکتیزیزمی مێژوویی " جارێکی دیکەش لە ئۆبژەکتیڤیتەی باوی سەردەمی دیکارت دا نوقم بووە و خۆی خستۆتە داوی تەکنیك باوەڕیی میتۆدناسیانەوە. ئەو لە چەمکی جیهان ژین دوور کەوتۆتەوەو خۆی خستۆتە داوی



گادامێر

ئۆبژەیی بوونی زانستیەوە. **بۆچی گادامێر بۆ جیا کردنەوەی روانگەی خۆی لە دیلتای و ئەوانی تر " دەستە واژەی هێرمنوتیکی دیالیکتیکی بە کار دێنی؟**

▪ هەر وەکی بۆم باس کردن، هێرمنوتیکی گادامێر رەچەڵەکێکی هایدگەریی هەیە. کەوابوو خەسڵەتە دیالیتکتیکییەکەشی هەر لەوێوە سەرچاوە دەگرێ. گادامێر بۆ دەرباز بوون لە چەشنێك زەین باوەڕیی ئەکتیڤ Subjectivity پاڵ وەدیالیکتیکی سوکراتی دەدات. ئەو خۆ لە هزرەکانی تەکنیك باوەڕیی سەردەمی نوێ دەبوێرێ و دەڵێ ناکرێ تەنیا لە رێگەی بە کار هینانی میتۆدناسیەوە حەقیقەت دەستەبەر بکرێ، بەڵکوو دەبێ لە رێگەی دیالیکتیك و وتوێژەوە پێی بگەی. هێرمنوتیکی دیالیکتیکی گادامێر بە پێچەوانەی بۆچوون و رێبازی هێگڵ و لایەنگرەکانی، ریشە و پنجی لە هۆشیاری دا نیە بەڵکوو ئەو، ئەم روانگەو بۆچوونە دەگێرێتەوە بۆ "بوونی" مێژوویی و بەستراوە بە کات. مەبەستی ئەو لە دیالیکتیك دروست کردنی پێوەندیی بوون ناسیانەیە لەنێوان نەریتی کۆن و بوونی خۆیدا. ئەو دیالیکتیکەی گادامێر مەبەستێتی لە راستیدا لە سەر پێکهاتەی بوون دامەزراوە. هێرمنوتیکی گادامێر ریشەی لە روانگە و بۆچوونی هایدگەر دایە واتە هەڵگری رۆحێکی دیاردە ناسیانەیە. لە راستیدا ئەم هێرمنوتیکە " دەرخستن و دۆزینەوەی حەقیقەت بە دوا ئامانجی خۆی دەزانێ.

❖ **گادامێر کە دێتە سەر باسی چییەتی هونەر " لەگەڵ یاری (Spiel) بە یەکیانەوە گرێ دەداتەوە. گادامێر چۆن و لە سەر چ بنەمایەك لە نێوان هونەر و یاری دا پێوەندی پێك دێنی؟**

▪ کتێبی حەقیقەت و میتۆد بە باس و لێدوان لە سەر جوانیناسی دەست پێدەکا. گادامێر لەوێدا وشەی یۆنانیی پۆیسیس Poesis دەخاتە بەر باس. ئەم وشەیە لە زمانی یۆنانیدا بۆ یەکەمجار لە ئۆستوورەکاندا بە واتای دەرخستنی شتی شاراوە و نهێنی کەڵکی لێ وەردەگیردرا. یۆنانیەکان پۆیسیس یان بە دۆزینەوە و پەردە لادان لە سەر ئایدیال و نهێنی یەکان دەزانی. واتە ئەوانەی بە چەکی پۆیسیس تەیار بوون دەیانتوانی بەو چەکە، رۆحانات و هێزە نەبەدیەکان بانگ کەن و هەوڵیان دەدا لەم رێگەیەوە بگەنە شتە بان سروشتی یەکان (میتافیزیك). هونەرمەندان بە دەستڕاگەیشتن بە پۆیسیس دەیانویست پێوەندی بە هێزە مەعنەوی و پیرۆزەکانەوە بگرن و لەم رێگەوە راز و نهێنیی بوون بدۆزنەوە. گادامێر لە ژێر کاریگەریی نامیلکەی ئاخێزگەی بەرهەمی هونەریی هایدگەر دا، ئەم واتایەی پۆیسیسی وەرگرت و گوتی بەرهەمی هونەری بە گشتی لە خۆمان دەمانکێشێتە دەرەوە و دەمانخاتە گەڕانێکی میتافیزیکییەوە (transcendence) و گۆڕانمان تێدا دروست دەکا. گادامێر دەڵێ : ئێمە لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ بەرهەمێکی هونەری دا دەچینە نێو جیهانێکی خۆمانەو ئاشناوە. ئەم جیهانە لە هەنووکە دا ئێمە بە رابردووی بەرهەمەکەوە گرێ دەداتەوە (دەمانباتەوە بۆ ساتەوەختی

رابردووی بەرهەمەکە) و بە دروست بوونی یەکیەتی لە نێوان جیهانی ئێمە و جیهانی بەرهەمەکـەدا بـە جـۆرە خۆناسـینێك دەگەین. لـە راستیدا جیهانی بەرهەمە هونەرییەکـە و جیهـانی ئێمە دەبنە یـەك و لێرەدایـە کـە بـوون لـە بەرانبـەر ئێمـەدا پەردەی لە سەر لادەچێ و دەردەکەوێ.با ئەمجارە بچینە سەر چەمکی یاری. نەریت و ترادسیۆنێکی دێرین لـە فەلسـەفەی ئەڵماندا لە مەڕ پێوەندیی نێوان هونەر ویاری هەیە، بـۆ وێنـە فردریك شیللـەر هونەری بە دەرباز بوون و رزگاریی هەسـت و هزر لـە هـۆگری و بەسـتراوەییەکان ئـەویش لـە سـایەی چالاکیدا " زانی و گوتی ئەم رزگارییە لە شێوەی سەرکەوتنی فۆرم بە سەر نێوەڕۆك و مادەدا دەردەکەوێ و چەمکی یـاریی (Spiel) ی بۆ دەرکەوتنی ئیلهام لە ناکۆتـادا، بـەکارهێنا. ئەو گوتی گەوهەرێکی رزگاریدەر لە یاری دا هەیە کە مرۆڤ دەخاتە سەر ڕێگەی هەڵچوون و بەرزبوونەوە. ئـەو یـاری و جوانیی بە دوو فاکتەری بنەڕەتیی بۆ بەرزبوونەوەی ڕۆح لە قەڵەم دا و گوتی: هەوڵی سەلیقە و یاری لەو فاکتەرانەن کە مرۆڤ لە چەقبەستوویی وشکی دێننە دەرێ و پەردەی بـۆ لـە سـەر جـوانی لادەدەن. هانـەی یـاری کـردن لـە دوو وزەی هەست و عەقڵ کەڵك وەردەگرێ و بـۆ ئافرانـدنی هونـەری دەکاریان دێنێ. گادامێریش سوودی لە سەرچاوەکانی هزری رۆمانتیك لە مەڕ یاری وەرگرت و گوتی: لە یاری دا تـوخم گـەلێك هـەن کـە جـۆری "بـوون"ی بەرهـەمی هونـەری دەسنیشان دەکەن.

ئەو پێی وایە کە یاری بۆ ئاماژە بە چەشنێك لە "بـوونی" ی بەرهەم پێویستە. ئەو دەیەوێ بـە دەکـار هێنـانی چـەمکی یاری ئەو پێش گریمانە مەعریفی یەی کە لە بەرهەمی هونەری دایە بخاتە بەردەم پرسیارەوە. ئەو لە راستی دا گەرەکیەتی بـە هێنانـە گـۆڕی تیـۆریی یـاری، هونـەر لـە کـۆت و بەنـدی ڕێساکانی مەعریفەناسی رزگار بکا. ئەو دەڵێ: یاری شـێوەی بونی تایبەت بە خۆی هەیە کە سەربەخۆیە لە هۆشیاریی تاك. لە زمانی ئەڵمانی دا وشەی spiel واتای یـاری هەیـە ئـەو وشەیە لە spielen وەرگیراوە. لە راستیدا یاری لـە زمـانی ئەڵمانیدا هەم فرمانە و هەم ناوە.

گادامێر دەڵێ: یاری لە راستیدا یـاریزان دەکێشـێتە نێـو پانتـایی خۆیـەوە و گیـان وەبـەر جەسـتەیان دەنـێ. گـادامێر وێکچوونێکی زۆر لە نێوان یاری و بەرهەمی هونەریدا بـەدی دەکا. ئەو گەرکیەتی بڵێ کە یاری لە دەرەوەی بکـەربوونی یاریزانەکانی خاوەنی بوونی تایبـەت بـە خۆیـەتیی. بەرهـەمی هونەریش خاوەنی وەها خسڵەتێکە واتە لە بازنەی هەسـت و کردەی وەدیهێنەرەکەی دەچێتە سەرتر. کەوابوو ئـەو ئامـاژە بە سێ تایبەتمەندی دەکا. 1- یاری هەمیشە بە تاڵە لە بابـەتی بوون و بکەر بوونی باو، واتە یاری ماهیەتی تایبەت بە خـۆی هەیە. 2- یاری پێویستیی بـە سـەر لـە نـوێ نواندنەوەیـەکی جەوهەرییە. 3- یاری هەمیشە پێویستیی بە بینەرگەلێکـە کـە پێکەوە تێیدا بەشـداربن. مەبەسـتی گـادامێر لـە سـەر بـەخۆ بـوونی بەرهـەمی هونـەری ئەوەیـە کـە بوونـە رەسـەنەکەی بەرهەمەکە بکاتە بابەتی ئەزموون (بوونی رەسەنی بەرهەمەکە بکاتە بابەتێك بۆ ئەزموون). هەر وەکی یاری خاوەن زات و ماهییـەتی تایبـەت بـە خۆیـەتی و سـەربەخۆ لـە هۆشـیاریی ئەوانەی کە یاریی تێدادەکەن (یاریزانان)، بەرهەمی هونەریش خاوەنی وەها خسڵەت و تایبەتمەندییەکە. ئەو لێرەدا دەیەوێ بەو دەرئەنجامە بگا کە زانستە مرۆییەکانیش وەکـوو ئـەزموونی جوان ناسی دەتوانن ببنە بابەتیی هێرمنوتیکی و ئەو مەسەلەیە کـاری بـە سـەر باسـی بکـەر بـوون و ئافرێنـەر بـوونی هونەرمەنـدەوە نیـە. ئێمـە لێـرەدا لـە "مـەرگی دانـەر" (نووسەر)ی رۆلان بارت و فۆکۆ نزیك دەبینەوە. گادامێریش وەکوو ئەم دوو فەرزانەیە بە شوێن ئەوە دایە کە لـە زانسـتی هێرمنوتیك دا لە نێوچوونی بکەری ناسێنەر رابگەیەنێ.

❖ **وێدەچێ گرینگترین رەخنەیەك کە هەتا ئێستا لـە جیهانی فەلسـەف دا لـە گادامێر گیرابێ رەخنـەی هابرمـاس بێ. رەخنەی هابرماس لە بیرۆڕاکانی گادامێر لـە چ گۆشـە نیگایەکەوە شـیاوی شـەنوکەو کـردنن و دواجـار وەڵامـی گادامێر چییە بۆ رەخنەکانی هابرماس؟**

■ شیاوی گوتنە کە یەکەمین ئاڵوگۆڕەکانی بیروڕای نێوان گـادامێر و هابرمـاس لـە سـاڵی 1967 دا بـوو. هابرمـاس بیربۆچوونەکانی خۆی لە سەر هێرمنوتیـك لـە کتێبێکـدا بـە نـاوی لـۆژیکی زانسـتە کۆمەڵایەتیـەکان، کـورت کردەوە.هابرماس لەم نڤیسارە دا دەڵێ : رەخنەی گادامێر لە سەر پۆزەتیویستی (ئەزموونخوازی) ی زانستە کۆمەلایەتیەکان هەتا رادەیەك بە جێ یە بەڵام لـە هـەمان کـات دا جـەخت دەکاتەوە کە لە روانگە و بۆچوونی گادامێردا جۆرێك بـاوەڕ بە رێژەیی بـوون RELATIVISM هەیـە. هابرمـاس لـە وتارێکی دیکە دا کە ناوی "بە گفت و لفتـی (سـخنوری) و هێرمنوتیك و رەخنەی ئایۆلۆژیا" یـە و لـە کتێبی زانسـتە و هۆگرییەکانی مرۆڤ دەڵێ: زانستی هێرمنـوتیکی بـە گـوێرەی پێویست رەخنەیی نیە. ئەو لە تاوتوێکردنی کتێبی حەقیقەت و شێواز (میتۆد) ی گادامێر دا دەڵێ: بۆچوونی ئـەو لـە سـەر نەریت تەواو جێگەی رەخنەیە چونکی ئەو بایـەخ و گرینگـی ییەکی لە رادە بەدەری بەم توخمە داوە. بـە رای ئـەو ئەگـەر نەریت بە وتووێژ و دانوستان لەگەڵ ئاسۆی مانـایی رابـردوو بزانین " ئیتر ناچارین گرینگی و بایەخێکی لە رادە بەدەری پێ بدەین و هەست بە کەموکورتیەکانی نەکـەین. هابرمـاس لـە سەر ئەو باوەڕەیە کە نـابێ ئاسـۆی مانـایی رابـردوو لەگـەڵ ئاسۆی مانایی ئێستا وەك یەك چاو لێکـەین و بـە یەکسـانیان بزانین.

ئەو دەڵێ، گادامێر لە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ نەریتـدا " بەر لەوەی بپەرژێتە سەر دیالۆگ و وتووێژ، تێیدا نوقم بووە. دەکرێ لە گادامێر بپرسین مەبەستی ئـەو کـام نەریتـە. جـار هەیە هێندێ لە نەریتەکان وەکوو هێزگەلێکی سەرکوتکەر و داپلۆسێنەر دەجوولێنەوە. بە رای هابرماس، گـادامێر مێـژوو بە بەستێنی هەوڵ و تێکۆشـان و خـەبات نـازانێ بـەڵکوو بـە ناوەندێکی پێکهاتوو لە مرۆڤگەلی هاوبیری دەزانێ. هێندێ لە نەریتەکان دەسەڵاتێکی وەهایان هەیە کە مرۆڤ ناچـار دەکـەن پێ ملیان بێ و رێگەی ئاریشـە کـردن لەگـەڵیان لـە مـرۆڤ دەگرن. لەم رووەوە گادامێر بەدانی رەوایی رەها بە نەریت ، رێگە دەگرێ لەوەی کـە بکێشـرێتە مەیـدانی ململانـێ وە. رەخنەکەی تری هابرماس ئەوەیە کە، گادامێر لـە رادەبـەدەر گرینگیی بە زمان و وتووێژ لەگەڵ نـەریت داوە و پێـوەرێکی دروستی بۆ تێگەیشتن لە بڕیارەکان نەخستۆتە ڕوو.

گادامێریش لە وەڵامی هابرماس دا ئەوە دەخاتەوە بیر کـە ئەو بـە تـەواوەتی رەهەنـدی "بـوون ناسـی"ی هێرمنـوتیکی فەرامۆش کردووە. واتە لە بیری چۆتەوە کە هێرمنوتیك باسی بوون دەکا و خۆی تەنیا بە فاکتەرەکانی مەعریفەناسـی یـەوە نابەستێتەوە. بەم پێیە زمـان وەکـوو مـاڵی "بـوون" تـەنیا بـە هۆشیارییەوە پەیوەست نیە بەڵکوو دەبێ لە پانتـایی بـوون دا بخرێتە بەر سـەرنج. لـە راسـتی دا هابرمـاس لـە رادەبـەدەر گرینگی بە پێوەندیی نێـوان هۆشـیاری و ئایـدۆلۆیا دەدا .بـە رای ئەو رەخنە لە ئایدۆلۆژیا و رەخنەکەشی ، ریشـەی لـە روانگـەی زەیـن باوەڕانـە دایـە کـە هێرمنـوتیکی گـادامێری گەرەکیەتی لێی دەرباز بێ. هابرماس لـە راسـتیدا هـەر لـەو باسـە باوانـەی بـە مێـژوویی زانینـی ئۆبـژە دا ماوەتـەوە و چـەمکگەلێکی وەکـوو خـەباتی چـینایەتی، دادپـەروەریی کۆمەڵایـەتی، یەکسـانی و نەهێشـتنی جیـاوازی خسـتنی کردووەتە سەر دێری ئیشی خـۆی و هـەوڵ دەدا لـە تـەوای "هەبوون" و لـە مێـژوودا ئـەم روانگەگەلـە بخاتـە بـەرباس. هابرماس پێوەندیی بـوون و هـزری فـەرامۆش کـردوە و لـە هەوراز و نشێوی باسە سیاسەکاندا گیری خواردووە.

بە گشتی بیرۆکەی فەلسەفی تەنیا لـە خـاڵی تێڕامانـەوە دەست پێناکا بەڵکوو دەبێ لە شوێنێکەوە دەست پێ بکرێ و بۆ ئەوەش باشترین پاڵپشت نەریتە. نەریت زمانی گونجـاو بـۆ باس و لێدوان ئامادە دەکات. لە راستی دا نەریت بەسـتێن و دەراوی وتووێژ خۆش دەکات. دەکرێ بڵێین کە نـەریت لـە بۆچوونی هێرمنوتیکی دا، دەرتانی پێکەوەگرێـدانی فەلسـەفی لەگەڵ دیاردەکان دەستەبەر دەکا. ئەم پێوەندییە لـە بەسـتێنی زماندا دەلـوێ. لـە راسـتیدا رەخنـەی هابرمـاس لـەگادامێر دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی رۆشـنگەری کـە گـادامێریش بـێ وەڵام لێی نەگەڕاوە.

❖ **ئێستا کە گەیشتینە ئێرە دەمانـەوێ بـەو ئاکامـە بگەین کە مەبەست لـە هێرمنوتیـك و بـە تایبـەتی ئاکامـە فەلسـەفیەکانی روانگەی هێرمنوتیکی گادامێر چییە؟**

■ بە گشتی شلایر ملاخێر، دیلتای و ئەمیلیۆ بێتی " هەر هەمووان لە بیاڤێکی تایبەت دا هێرمنوتیك دەکار دێنن. یەکێکیان لە بیاڤی یەزدان شناسی و ئەویتر لە قەڵەمرەوی ئەدەبیات دا، بەڵام گادامێر ماهیەتێکی گشتیی بەم ڕێبازە بەخشی. ئەوان هێرمنوتیکیان لە بیاڤی زانستە مرۆییەکاندا قەتیس کرد بەڵام گادامێر تەواوی لایەنەکانی تێگەیشتنی مرۆڤی پێ دەتەنێتەوە. گادامێر وەکوو میتۆدێك بۆ تێگەیشتن لە مەعریفەناسی، کار بە هێرمنوتیك ناکا. بەڵکوو بە پێڕەوی لە هایدگەر لە تەواوی بوارەکانی "هەبوون" دا بە کاری دێنێ. گادامێر دەڵێ: فامکردن و ڕاڤەی جیهان خۆی هەڵگری جۆرە دەرکەوتنێکە بە نیسبەت داهاتووی هەبوون لە جیهاندا. لە ڕاستیدا تەکنیکی گادامێر مانادار کردنی (مانابەخشین بە) ئێستا و داهاتویە بە یارمەتیی خۆمانە بوون لەگەڵ ڕابردوو (پێوەندیی لەگەڵ ڕابردوو). ئەو بەر لە هەر شتێ، جۆرێك جەوهەری بان ڕاڤەیی (meta hermeneutis) دەدا بە ئێمە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کردەیی (پراکتیکی) بەرەوڕووی نەریت و تradیسیۆن بینەوەو خۆ لە بەرەوڕووبوونەوەی چەقبەستوانە (دۆگماتیك) لەگەڵ نەریت بیوێرن. دەکرێ بڵێین ئەم ڕوانگەیەی گادامێر دەتوانێ دەسکەوت و ئاکامی شۆڕشگێرانەمان بە دیاری بۆ بێنێ. ئێمە دەتوانین بە شێوەی ڕەخنەگرانە بەرەوڕووی تradیسیۆنی مێژوویی ببینەوە. دەکرێ بڵێین هێرمنوتیك تەنیا بەرەوڕووبوونەوەیەکی تیۆری لەگەڵ ڕووداوەکان نیە بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی پراکتیکیە. ڕوون و ئاشکرایە کە کردەی هێرمنوتیك پێویستیی بە جۆرێك باڵق بوون و پێگەیشتوویی فەلسەفی هەیە کەوابوو دەکرێ هێرمنوتیك بە ڕخنەی فەلسەفی لە قەڵەم بدرێ ونکی هەم هەڵگری مەعریفەیە Epistme و هەم هەڵگری هونەر (techne)هەمیش کردەی مانادار (praxis). بۆ بە کار هێنانی ئەم فێرکارییە (وانەیە) دەبێ سەرەتا لە باری فەلسەفەیەوە پوختە بوبێ (لە کڵ هاتبێتە دەرێ) بۆ ئەوەی لە سایەی ئەم پێگەیشتووییە دا، بکرێ زاڵ بی بە سەر ڕووداوەکانی جیهانی واقیع دا و لە پانتایی بوون دا پێوەندییەکانی نێوانیان بناسیتەوە.

**❖ بە رای ئێوە چۆن دەتوانین بۆ سەر لە نوێ دۆزینەوەو ناسینەوەی کەلەپووری فەلسەفی و هزریی خۆمان کەڵك لە چەمك و ڕوانگە هێرمنوتیکی یەکانی گادامێر وەرگرین؟**

■ بە گشتی ئێمەش لە مێژووی هزری و فەلسەفی ئەم نیشتمانەدا سیلەچاوێکمان بە سەر ڕاڤەی دیاردەکانی بوونەوە هەبووە. بزاڤگەلێکی وەکوو (اخوان الصفا) و بە گشتی (باگینە) کە تەواوی دیاردەکان،و لەوان (احکام شریعت) یان خستە بەردەم خوێندنەوەی نوێ و داهێنەرانە. تەنانەت لە قۆناغەکانی بەر لە ئیسلامیش دا جۆرە هێرمنوتیکێك بۆ ڕاڤەی دەقە ئایینی یەکان و بە تایبەت بۆ ئاڤێستا هەبووە. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین "زەند" جۆرە هۆشیاری‌یەکی فۆرمیکە لە هێرمنوتیکی ئێرانی بۆ خوێندنەوەی کتێبی ئاڤێستا. کاتێك ناسر خوسرەوی فەیلەسوفی سەدەی پێنجەمی ئێران دەیگوت شەریعەت ڕواڵەتی حەقیقەت و حەقیقەت ناخی شەریعەتە، و شەریعەت هێمایە و حەقیقەت ئەسڵە، لە ڕاستی دا باوەڕی بە جۆرێك هێرمنوتیك بووە. بە گشتی ئەو و لایەنگرانی ئێدیعای ئەوەیان هەبوو کە دیلێتی (بندگی) ڕواڵەتی لە حەقیقەت دایەو دەرچوونە لە غوربەت و ئاوا بوونی ڕواڵەت و کازیوەی دەروونە. ئەوان ڕاڤەیان بە لە دایکبوونی ڕۆح دەزانی. باسی پێوەندیی نێوان حەقیقەت و میتافۆر یا خوازەش " لە حیکمەتی دەروونی (باگنی) دا ئاماژەیە بۆ ئەم ڕوانگەیە. بە داخەوە ئێمە ئەمڕۆ لە چاوگەکانی هزری فەلسەفیی خۆمان دوور کەوتووینەوەو جێی خۆیەتیی جارێکی دیکەش ڕوانگە کولتوورییەکانی خۆمان بخەینەوە بەر دەم خوێندنەوەی نوێ و بە هەنووکەیی کردنیان لە سایەی ڕوانگەی کەسانێکی وەکوو گادامێر، پۆل ریکۆر و ئەوانیتر.... خوێندنەوەیەکی نوێ لە دیاردە و ڕوودواە کولتووری ـ فەلسەفیەکانی کۆمەڵگەی خۆمان لە سەردەمی هاوچەرخ دا " بخەینە ڕوو.

**دیمانەیەك لەگەڵ محەممەدی زەمیران**

**(هەڤپەیڤین :محەممەد ڕەزا ئیرشاد)**

**سەرچاوە :**

**ڕۆژنامەی "همبستگی".**